KURDISTAN CONFLICT AND CRISIS RESEARCH CENTER
KCCRC
ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان
مركز كوردستان لدراسة الصراع والازمات

# پۆست ئیخوانیزم

## مێژووی ئیسلامی بزاڤگەریی و ئەزموونی "پارتی داد و گەشەپێدان لە مەغریب"

بەرزانی مەلا تەها

### سەرەتا

پاش سەرهەڵدانی شۆڕشە عەرەبییەکان و گەشانەوە و سەرپێکەوتنەوەی ڕێوڕەوتە ئیسلامییەکان لە جیهانی عەرەبیدا، ئەزموونگەلێک لە کاری بزاڤگەریی ئیسلامیی دەرکەوتن، کە لە قۆناغی بەرهەڵستیی سیاسییەوە بەرەو لوتکەی دەسەڵاتی سیاسیی هەنگاویان نا، بەتایبەت لە میسر، سەرکەوتنی ئیخوان موسلیمین هاندەرێکی گەورەبوو بۆ بەهێزبوون و جێپێ قایمکردنی ئیسلامییەکان لە وڵاتانی تری عەرەبیدا بە تایبەت لە تونس و مەغریب، بەو پێیەی بنەوانی فیکریی تەواوی جووڵانەوەی ئیسلامییە عەرەبییەکان لە هەناوی کاریگەریی ئیخوانەوە سەرچاوەیان گرتووە، هەرچەندە مێژووی ئیسلامی بزاڤگەریی لە تونس و مەغریبدا مێژووەکەیان بۆ حەفتاکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەو کاریگەرییە قووڵەی ئیخوان بە درێژایی ماوەی دەرکەوتنی لە تەواوی دەڤەرە عەرەبییەکاندا ئامادەیی هەبوو.

مەبەستمان لە چەمکی "پۆست ئیخوانیزم"، ئەو ڕێکخستن و جووڵانەوە ئیسلامییانەیە، کە بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی سیاسیی، ئابووریی و کۆمەڵایەتیی وڵاتەکانیان بە تایبەت لە تونس و مەغریب، ئەزموونی ئیخوان موسلیمینیان تێپەڕاندووە و کاریان بۆ گرتنەبەری ڕێچکەی نوێی هەمەلایەن کردووە، لە ئێستاشدا هەردوو ڕەوتی ئیسلامی بزاڤگەریی "نەهزەی تونسیی، داد و گەشەپێدانی مەغریبیی" بەدیدی نوێ و ڕوانینی پێشکەوتنخوازییەوە خۆیان نمایش دەکەن و تەواوی خەسڵەتەکانی ئیسلامی پێشکەوتووخوازییان لە خۆیاندا

بەرجەستەکردووە و پەڕیونەتەوە بۆ جۆرێک تر لە ئیسلامی سیاسیی، کە بڕوایەکی تەواویان بە چاکسازیی هەیە و لەگەڵ چەسپاندنی دەوڵەتی ئیسلامیدا نین، بەڵکو کار بۆ تۆخکردنەوەی فاکتەری ئایینیی دەکەن.

لە رووی مێژووییەوە، ئیسلامی بزاڤگەریی لە مەغریب، ئەزموونێکی نزیکی مێژووییان هەیە و لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە دەست پێدەکات، بە هەمان شێوەی گەشەسەندنی رەوتی چەپ و شەپۆلی کۆمۆنستیی لە جیهانی عەرەبیدا، ئیسلامییەکانی مەغریب جموجۆڵیان تێکەوتووە و لە رێگەی ناوەندە ئایینیی و پەروەردەییەکانەوە کاریان بۆ دەڵبکردنی ریزەکانیان کردووە و دژی رەوتە چەپەکان وەستاونەتەوە، بڕێکجاریش دەسەڵاتدارانی سیاسیی عەرەبیی بۆ قارسکردنی رۆڵی چەپەکان، چاوپۆشییان لە جموجۆڵی ئیسلامییەکان کردووە و لایان بۆ شلکردوون. هەر ئەمەش وایکردووە ئیسلامییەکان لە مەغریب بانگەوازی خۆیان لە کاری نهێنییەوە بۆ قۆناغی ئاشکرای کاری بانگەواز و سیاسەت بگوازنەوە، لەم پێناوەشدا، پێشەنگانی ئیسلامی بزاڤگەریی وەک "عەبدولکەریم موتیع، عەبدوسەلام یاسین" رۆڵی بەرچاویان گێڕاوە لە ئاڕاستەکردنی رێکخستنە ئیسلامییەکان و تەیارکردنیاندا.

رەوتی ئیسلامیی لە مەغریب سەرەتا لە چوارچێوەی "گەنجانی ئیسلامیی"، پاشانیش لە بازنەی کۆمەڵەی (عەدل و ئیحسان) خۆیان دەرخستووە. سەرەنجامیش دەرکەوتنی (پارتی داد و گەشەپێدان)ی ئیسلامیی، کە تا ئێستاش جڵەوی حکومەتیان لە دەستدایە، درێژکراوەی زنجیرەبوونی مێژووی رێکخراوە ئیسلامییەکانی پێش خۆیەتی و ئامانجی ئەم بزاڤە ئیسلامییە، ریفۆرمە لە سەرجەم کایەکاندا، وەک لە پێڕەو و پرۆگرامی بزووتنەوەکەدا رەنگیداوەتەوە و کاری بۆ دەکەن. ئەوەی مەبەستمانە لەم بابەتەدا بیوروژێنین و بەشێوەیەکی پوخت لا لە وێستگە سەرەکییەکان و سیما دیارەکانی بزاوتی ئیسلامیی بکەین، بەگشتیی، ئەزموونی ئیسلامی بزاڤگەرییە لە جیهانی عەرەبیی و ئیسلامییدا، بەتایبەت، ئەوانەی، کە شایستەی تێڕامانن و ئەڵقەیەکن لەو زنجیرەیەی، کە تەواوی پارت و رێکخستنە

ئیسلامییەکانی پێکەوە گرێداوە، چجای ئیسلامییەکانی مەغریب، کە کەمتر بە کوردیی لەبارەیانەوە نووسین و کۆڵینەوە پێشکەشکراوە.

## پێشینەی مێژوویی دەرکەوتنی ڕێوڕەوتی ئیسلامیی لە مەغریب

ئیسلام لە ژیانی سیاسیی مەغریبییەکاندا لەپێش و پاش سەربەخۆیی ئەم وڵاتەدا ئامادەییەکی مەزنی هەبووە، ئەمەش نەک لە ڕێگەی ڕێکخستن و گروپە ئیسلامییەکانەوە، بەڵکو لە روانگەی پێکهاتنی ئایینیی کەسایەتییە ئیسلامییەکانەوە، بە نموونە کەسایەتییە ئایینییەکانی وەک (عەبدوڵا کنون، موختار سوسی، عەلال فاسی). لەلایەکی ترەوە، رووداوە ناوخۆییەکان و گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکان لە دەیەی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا، هاریکاربوون بۆ دامەزراندنی پارت و ڕێکخستنی ئیسلامیی جۆراوجۆر، کە واقیعی سیاسیی مەغریبیان رەتکردۆتەوە، بەمشێوەیەش ئەو گروپە ئیسلامییانە تۆمەتبارکراون بە دنەدانی جەماوەر، کە بەهۆی بارو گوزەرانیانەوە ناڕەزایەتییان لەدۆخی ژیانیان دەربڕیوە. هەر لەو قۆناغەشدا، شۆڕشی ئێران و هەڵکشانی رەوتە چەپە مارکسییەکانی بەخۆوە بینی و هۆکاربوون بۆ ئەوەی گەنجانی ئاییندراری مەغریبی لە چوارچێوەی رایەڵە و پەیوەندییدا بەخۆبکەون لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی تەوژمی کۆمۆنیزم، چونکە پێیانوابوو مەترسییەکی گەورەیە لەسەر ئیسلام و مسوڵمانان، هەروەها لەگەڵ پێکهێنانی بەرەیەکی بەرهەڵستکاربوون دژ بە دەسەڵات، کە کایەی ئایینیی بۆ خۆی قۆرخکردبوو وەک زامنکەری بەردەوامبوونی دەسەڵات و شەرعییەتەکەی. بەمپێیە سەرەتای دەرکەوتنی رەوتی ئیسلامیی بە نهێنیی و ئاشکرا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای حەفتاکان، یەکەم گروپیش خۆی لەو گروپە ئیسلامییەدا دەبینێتەوە، کە تۆمەتبارکران بە تیرۆرکردنی (عومەر بن جەلون)، ئەو سەرکردەیەکی چەپی (پارتی یەکێتیی سۆسیالیستیی هێزە جەماوەرییەکان) بوو لە 18ی دیسێمبەری 1975، لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان دەرخست، کە گروپێک لەناو (ڕێکخراوی لاوانی

ئیسلامیی) پێی هەستاون، ڕێکخراوەکە بەشێوەیەکی یاسایی جموجۆڵەکانی لە شاری (الدار البیضاء) بەڕێوەدەبرد، ئەوکات پارتی یەکێتیی سۆسیالیستیی توندترین لایەنی بەرهەڵستکاری سیاسیی بوو دژ بە سیستمی پاشایەتیی. دیسانەوە هەلومەرجی نێودەوڵەتیی و دابەشبوونی جیهان بەسەر هەردوو بلۆکی سۆسیالیستیی کۆمۆنستیی "یەکێتی سۆڤێت" و بلۆکی ڕۆژئاوایی لیبراڵیی بە ڕێبەرایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ڕەنگدانەوەی لەسەر هەلومەرجی ناوخۆیی مەغریب دروستکرد، بەم هۆیەوە بزووتنەوە خوێندکارییە چەپەکان دەرکەوتن و هێرشیان دەکردە سەر ئایین و سیمبولەکانی، هەر ئەمەش هۆکاربوو بۆ دەرکەوتنی دژە ڕەوت، کە خۆی لە دەرکەوتنی تەوژمی ئیسلامی بزاڤگەریدا دەبینییەوە، تەوژمی ئیسلامیی هەوڵیاندەدا لە قوتابخانە و زانکۆکاندا ڕۆڵی تەوژمی چەپ کەمبکەنەوە و تەنگیان پێهەڵچنن، هەروەها دوورکەوتنەوەی زانایانی ئایینیی مەغریبیی بەتایبەت گوتاربێژان لەباسکردنی بابەتە سیاسییەکان لەسەر بڵندگۆکان و بە تەنها باسکردنی بابەتە فیقهییەکان، دەرکەوتنی ڕێکخستنە ئایینییەکانی گورجترکرد، کە فرە بە پەرۆشبوون بۆ بەرگریکردن لە ئیسلام لەدەرێی چوارچێوەی ئیسلامی فەرمیی، کە دەوڵەت بەڕێوەی دەبرد (1).

یەکێک لەو گرفتە سەرەکییانەی، کە جوڵانەوە ئیسلامییەکان لە مەغریبدا پێوەی گیرۆدەبوون، سیستمی دەسەڵاتدار دانی بە ئیسلامیەتی دەوڵەتدا ناوە، ئەویش لەڕێگەی دەستووری ئەم وڵاتەوە، کە ئایینی ئیسلامی کردۆتە ئایینی فەرمی دەوڵەت بەوپێیەی "شانشینی مەغریبیی" دەوڵەتێکی ئیسلامییە، ئیسلامیش بەشێکە لە پیرۆزیی و بناغەکانی، هەروەها پادشا ئەمیری مسوڵمانانە و دەسەڵاتی ئایینییە لە وڵاتدا، هەروەها لە دانیشتنە ئایینییەکان و گوتاری ڕۆژانی هەینییدا نزا بۆ ئەمیری مسوڵمانان دەکرێت، کە مەغریبییەکان لە بۆنەی تایبەتدا بەیعەتی پێدەدەن، هەروەها سروتە ئایینییەکان لەلایەن دەوڵەتەوە چاودێریی ناکرێن. ئیدی ئەو تێزانە کامانەن، کە جوڵانەوە ئیسلامییەکان پێشکەشی دەکەن و پاساو بۆ ئامادەییان دەهێننەوە و چۆنیش کۆمەڵگەی مەغریبیی قایل دەکەن. لەلایەکی

ترەوە، لەساڵی 1974 ئاراستەکردنی پەیامێک بۆ پاشای مەغریب دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو، کە خۆی لە پەیامێکی (عەبدوسەلام یاسین)دا دەبینێتەوە بەناوی (ئیسلام یاخود تۆفان)، کە بۆ شا (حەسەنی دووەم)ی نووسیبوو، تێیدا هاوشێوەی خەلیفەی ئومەوی (عومەر بن عەبدولعەزیز) داوای لە شا حەسەن کردبوو سامانەکەی بۆ مەغریبییەکان بگێڕێتەوە و دەسبەرداری راوێژکارەکانی ببێت، لە بەرامبەردا زانا و رۆحانییەکان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، هەروەها پەیوەندییەکانی لەگەڵ خەڵکیدا لەسەر بنەمای بەیعەتپێدان بێت، پەیامەکە بە زمانێکی توند و زبر ئاراستەی شا حەسەن کرابوو. پاش پەیامەکەی عەبدوسەلام یاسین بۆ شا حەسەنی دووەم و لێکەوتەکانی لە قۆڵبەستکردنی و ئازادکردن و دەستبەسەرکردنی، ئەو ناوبانگێکی گەورەی پەیداکرد و لەناو گەنجان و بڕێک لە شوێنکەوتووانی زاویەی "بودشیشییە"ی سۆفیدا پەرۆشییەکی بەرفراوانی بۆ دروستبوو(2).

یەکەم رێکخراوی ئیسلامیی، کە لە گۆڕەپانی سیاسیی مەغریبدا لە چوارچێوەی ئیسلامی بزاڤگەرییدا خۆی نمایش کرد، رێکخراوی "گەنجانی ئیسلامیی" بوو، کە دەرەنجامی دۆخی بزاڤی ئیسلامیی بوو لە میسر لەگەڵ ناسریزمدا، هەروەها دەرکەوتنی دواتری کۆمەڵەی (عەدل و ئیحسان)ی ئیسلامیی پەیوەندیدار بوو بە شۆڕشی ئێرانیی و جڵەوکردنی دەسەڵات لەلایەن خومەینییەوە، ئەم رێکخراوە لەسەر دەستی عەبدوسەلام یاسین دامەزرێنرا، وەک ئاماژەمان پێدا، لە پاش پەیامێکی ناوبراو بۆ شا حەسەنی دووەم لە ساڵی 1974 هاتە پێکهاتن، بەلای پسپۆڕانی ئیسلامی سیاسیی لە مەغریب، پەیامێکی لەمشێوەیە بە ساتەوەختی لە دایکبوونی ئەم رێکخراوە ئیسلامییە دادەنرێت (3).

ماوەی ساڵانی 1977-1980 رێوڕەوتە ئیسلامییەکان بەهێزەوە لەناو زانکۆ و پەیمانگە باڵاکاندا خۆیان نمایشکرد، بەڵام لە هەشتاکاندا رەوتی ئیسلامیی رووی لە پاشەکشە کرد، هۆکارەکەشی تەنها بۆ زۆربۆهێنانی ئەمنیی و هەواڵگریی و رووداوی تیرۆرکردنی عومەر بن جەلون ناگەڕێتەوە، بەڵکو هۆکارەکەی بریتیی بوو لە پەرتەوازەیی و ململانێی ناو رەوتی ئیسلامیی بەگشتیی، چونکە بەشێکیان سۆفیی بوون، هەندێکی تریان سەلەفیی، ئەوانی تریش

ڕێکخستنی نهێنیی بوون، هەروەها ڕێبەرایەتییەکی ئەوتۆیان نەبوو، کە قبوڵکراوبێت، دیسانەوە پرۆژەیەکی فیکریی سیاسییان نەبوو، کە بتوانێت تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی مەغریبیی لە خۆبگرێت. جیا لەم هۆکارانە، جیاوازیی نێوان ڕێوڕەوتە ئیسلامییەکان لە مەغریب خۆی لە کاری نهێنیی یاخود دەرچون بەرەو خەباتی ئاشکرادا دەبینییەوە، جگە لە ڕێبەری کۆمەڵەی (عەدل و ئیحسان) گروپە ئیسلامیەکانی تر ئەدەبیاتی فیکریی تایبەت بەخۆیان نەبوو، بەڵکو لە ئەدەبیاتی ڕەوتە ئیسلامییەکانی ڕۆژهەڵاتەوە بەتایبەت لە میسرەوە وەریان گرتبوو وەک ئەدەبیاتی سەید قوتب، محەمەد غەزالی و متەوەلی شەعراویی، ئەوکات کتێبەکانی ئەوان لە مەغریبدا بەربڵاوبوون. سەرەنجام، گرتنی لایەنگرانی "گەنجانی ئیسلامیی" و هەڵاتنی (عەبدولکەریم موتیع)، کە ڕێبەری ڕێکخراوەکە بوو، بەرەو دەرەوەی مەغریب، بووە هۆی سەرەتای دابەشبوون و پەرتبوون لەناو ڕیزەکانی ئەم ڕێکخراوە سیاسییە ئیسلامییەدا، هەندێک لەوانە لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا جیابوونەوە، لەدیارترینیان (عەبدوئیلا بنکیران، محەمەد یەتیم، سەعدەدین عوسمانی، عەبدولا باها، ئەمین بوخبزە، عیزەدین تۆفیق)، ئەم ڕێبەرایەتییە پاشتر (کۆمەڵی ئیسلامی)یان دامەزراند و پێداچوونەوەیان بە هەڵوێستەکانی ڕێکخراوی گەنجانی ئیسلامیی کرد، هەروەها وازیان لە کاری نهێنیی هێناو لە چوارچێوەیەکی یاساییدا دەستیاندایە جموجۆڵی فەرهەنگیی، پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیی (4).

یەکێکی تر لەو بزووتنەوەی ئیسلامییانەی، کە لە ناو بازنەی ئیسلامی بزاڤگەریی مەغریبیدا هەڵسوڕاوە و ڕۆڵی گرنگی بینیوە لە پەرەپێدانی بزواتی ئیسلامی سیاسیی لەو وڵاتەدا، (بزووتنەوەی تەوحید و ئیسڵاح)ە، ئەو ڕەوتە لە ساڵی 1996 لە پاش پێکڕا یەکگرتنی هەردوو بزووتنەوەی (تەجدید و ئیسڵاح، پەیوەندیی ئایندەی ئیسلامیی) دامەزرا، لە بنچینەدا بزووتنەوەکە زادەی یەککەوتنی گروپێک هاوپەیمانیی ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان بوو، ئەوانەی لە کایەی بانگخوازییدا کاریان دەکرد، ئەم بزووتنەوەیە بەپێی یاسا و ڕێساکانی مەغریب و بەشێوەیەکی ئاشکرا کار و جموجۆڵی خۆی دەکات، هەروەها فرە ڕێکخراوە و لە

رووی جەمسەرگیریی و بانگخوازییەوە رکابەری کۆمەڵەی (عەدل و ئیحسان)ە، هەرچەند هەردوو ئاڕاستەکە لێکجیان (5).

**پێشەنگانی ئیسلامی بزاڤگەریی لە مەغریب**

- **عەبدولکەریم موتیع**

عەبدولکەریم موتیع، ڕێبەر و پێشەنگی تەوژمی ئیسلامی سیاسیی هاوچەرخە لە مەغریبدا، هەروەها بنیاتنەری جووڵانەوەی (گەنجانی ئیسلامیی)ە، کە تەواوی پارت و ڕێکخستنە ئیسلامییەکان لە قۆناغەکانی پاشتردا لەو بوونەتەوە. ئەو ناوی عەبدولکەریم کوڕی محەمەد موتیع کوڕی مەهدی حەسەنی حەمداوییە، لە ساڵی 1935 لە دەڤەری (شاویە) لە دایکبووە، ناوبراو لە خانەوادەیەکەوە سەری دەرهێناوە، کە زۆربەیان سەر بە جووڵانەوەی نیشتیمانیی بەرهەڵستکاری داگیرکاریی فەڕەنسیی بوون. ئەو پاش بڕینی قۆناغەکانی خوێندن بۆتە مامۆستای زمانی عەرەبیی. لەباری ئەزموونی سیاسییەوە، سەرەتا لایەنگری پارتی سەربەخۆیی بووە، پاشانیش بەرەو چەپایەتیی وەرچەرخاوە و داویەتە پاڵ ریزەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی هێزە جەماوەرییەکان، کە خاوەن ئاڕاستەیەکی سۆسیالیستیی بووە، لێرەشەوە پەڕیوەتەوە بۆ ناو ئیسلامی سیاسیی بزاڤگەریی بۆتە دامەزرێنەری جووڵانەوەی گەنجانی ئیسلامیی، جووڵانەوەکە بزاڤێکی بوژێنەرەوەی ئایینیی تازەگەرو بوژێنەرەوەی بەها مەغریبییە ڕەسەنەکان بووە، هەروەها ناسراوە بە دامەزرێنەری هەوەڵ ناوکی تەوژمی ئیسلامی سیاسیی بزاڤگەریی مەغریبیی. لەلایەکی ترەوە، عەبدولکەریم موتیع، لەچوارچێوەی کاری ئیسلامییدا لە ساڵی 1955 ڕێکخستنێکی بە ناوی (منظمة الكشفية الاسلامية) دامەزراندووە، لە ساڵی 1970 هەوڵ ڕێکخستنی ئیسلامیی دروستکردووە. جووڵانەوەی گەنجانی ئیسلامیی لەسەر دەستی ڕێبەرەکەیدا لەماوەی سێ ساڵدا بە تەواوی مەغریبدا بڵاوبۆتەوە و بەسەر سێ لقدا دابەشبووە: لقی مامۆستایان، لقی کرێکاران، لقی قوتابیان. لە

ساڵی 1975 تۆمەتبارکراوە بە دنەدانی تیرۆرکردنی سیاسەتوانێکی چەپی مەغریب بەناوی عومەر بن جەلون، بەم هۆیەوە ناوبراو بەرەو سعودیە هەڵاتووە، بۆ ماوەی 5 ساڵ لەوێ گیرساوەتەوە، پاشان روویکردۆتە لیبیا، لە ساڵی 1985 دوو بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە. لای خۆشیەوە رەتیکردۆتەوە، کە ئەوان جووڵانەوەیەکی ئاشتیخوازبوون و هیچ دەستێکیان لەو تیرۆرەدا نەبووە (6).

– عەبدوسەلام یاسین

ناوی (محەمەد عەبدوسەلام کوڕی عەبدوڵا کوڕی ئیبراهیم)ە، لە 17ی ئەیلولی 1928 لە شاری (مەراکیش) هاتۆتە ژیانەوە، هەرلەوێ گەورە بووە و قورئانی لە قوتابخانەکەی عەللامە (محەمەد موختار سوسی) لەبەرکردووە. پاشان لە مەراکیشەوە روویکردۆتە شاری (الرباط)، لەوێ پەیمانگەی وانە باڵاکانی لە زانستە ئیسلامییەکاندا تەواوکردووە و بۆتە مامۆستای زمانی عەرەبیی. لە کایەی پەروەردەدا خزمەتێکی بەرچاوی پێشکەشکردووە و چەندین پلە و پۆستی پەروەردەیی و کارگێڕیی لە وەزارەتی پەروەردە وەرگرتووە. ئەو بەردەوام بۆ ماوەی 6 ساڵ سەردانی زاویەی بودشیشییەی رێبازی قادریی کردووە، کە یەکێک بووە لە لقە سۆفیگەرییەکانی مەغریب، پاشتر وەرچەرخان لە بینین و تێفکریندا دروستبووە و لەم رەوتە سۆفیگەرییە دوورکەوتۆتەوە (7).

عەبدوسەلام یاسین، وەک رێبەرێکی ئیسلامی بزاڤگەریی لەساڵی 1974 مۆجگارینامەیەکی لە دوتوێی 100 پەڕە و لەژێر ناوی (ئیسلام یاخود تۆفان) ئاڕاستەی شا حەسەنی دووەم کرد، لەهەمان کاتیشدا، مۆجگارینامەکەی ئاڕاستەی مەزنە کەساسیەتیی و سیاسەتوان و رۆشنبیران کرد، پەیامەکەی ناوبراو راگەیاندنی کۆتایی هاتنی لایەنگریی ئەو بوو بۆ زاویەی بودشیشییە و سەرەتای قۆناغێکی نوێی سیاسیی لە ژیانیدا، لێرەشەوە ململانێی ئەو لەگەڵ دەسەڵاتدا دەستپێیکرد، پاش مردنی حەسەنی دووەم و هاتنەسەرکاری شا محەمەدی

شەشەم دیسان پەیامێکی لەژێر ناوی (الى من يهمه الامر)دا پێشکەش بەناوبراو کرد. پاش قۆڵبەستکردنی لە لایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە ئازادکردنی لەساڵی 1978، سەرلەنوێ دەستیکردەوە بە گوتنەوەی وانە ئیسلامییەکان لە مزگەوتەکاندا، پاشانیش ڕێگری قسەکردنی لێکرا. لە ساڵی 1979 گۆڤاری (الجماعة)ی دەرکردووە، لە ساڵی 1983 بەهۆی نووسینی بابەتێکی بەناوی (قول و فعل) سەرلەنوێ قۆڵبەستکراوەتەوە. پاش ئازادبوونی لە گرتووخانە لە ساڵی 1985 ئەو گروپەی لە دەوری خڕ ببوونەوە تا دەهات بەرفراوان دەبوو، بۆیە لە ساڵی 1987 بە بەرزکردنەوەی دروشمی (العدل والاحسان) ڕێکخراوێکی هەر بەم ناوەوە دامەزراند و بەخۆشی بووە ڕێبەری ڕێکخراوەکە، دەسەڵاتدارانی مەغریب لای خۆیانەوە بە ڕێکخراوێکی ناشەرعییان لەقەڵەمدا، بەڵام لەناو دامەزراوە پەروەردەیی و فەرهەنگییەکان و لاواندا، ڕێکخراوەکە ئامادەییەکی بەرچاوی هەبوو. بەهۆی گەشەکردنی ڕێکخراوەکە و گردبوونەوەی جەماوەرێکی زۆر لە ساڵی 1987 لە ماڵەکەی خۆیدا دەستبەسەرکرا. لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە بە توندی ڕێگریی لە هاتن و چوون و بەسەرکردنەوەی کراوە، لە ساڵی 1999 لە گوتارێکیدا بۆ خەڵکی و ئەندامانی ڕێکخراوەکەی دیسان دەسەڵاتی سیاسیی لە خۆی وروژاند و بەم هۆیەوە تەواوی ئەندامانی ئەنجومەنی ئیرشادی ڕێکخراوەکە قۆڵبەستکران، بەخۆشی بۆ ماوەی پتر لە 10 ساڵ تا ساڵی 2000 لە ماڵەکەی خۆیدا دەستبەسەرکرا، پاشانیش بەردەوامبوو لە جموجۆڵی بانگخوازیی و ڕێنوێنیی، وێڕای گێچەڵپێکردنی لە لایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە، لە 13ی کانونی یەکەمی 2012 کۆچی دوایی کردووە (8).

**ئەزموونی "پارتی داد و گەشەپێدان"ی ئیسلامیی لە مەغریب**

هەڵبەتە، بۆ تێگەیشتن لە پارت و ڕێکخستنە ئیسلامییەکان لە شانۆی سیاسیی مەغریبدا، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ مێژووی هاوچەرخ و زانینی ئەو پرنسیپە فیکرییانەی، کە ڕەوتە

ئیسلامییەکان لەسەری بنجیان داکوتاوە. دەرکەوتنی تەواوی رەوتە ئیسلامییەکانی مەغریب دەگەڕێتەوە بۆ حەغتاکانی سەدەی بیستەم، چونکە ئەم ماوە مێژووییە قۆناغێکی گرنگ بوو بۆ پیادەکردنی کاری سیاسیی لە وڵاتانی رۆژهەلا!تی ناوەڕاست و مەغریبی عەرەبیدا، لەبەر ئەوەی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی لەو قۆناغەدا زیاتر زاڵبوونی ئاراستەی سۆسیالیستیی و ئەنگێزەی ناسیۆنالیستیی بەسەریدا زاڵبوو، بەم هۆیەوە ئۆپۆزیسۆن بووە هەڵگری تێزی ئیسلامیی (9).

پارتی داد و گەشەپێدان، گەورەترین پارتی سیاسییە مەغریبییە و پێڕەویی لە ئاراستەی ئیسلامیی و دیموکراسیەتی ئیسلامیی دەکات، وەک خۆیان دەڵێن پارتی داد و گەشەپێدان، پارتێکی سیاسیی خاوەن مەرجەعیەتی ئیسلامییە و بزووتنەوەیەکی سیاسیی میانڕۆیە و هەنگاو بە هەنگاو سەرەڕای بەربەست و قۆرتەکان لە گۆڕەپانی سیاسیی ئەم وڵاتەدا جێی خۆی کردۆتەوە و بۆتە هێزێکی گەورەی ئەوتۆ، کە تادێت لەرێگەی بەخۆداچوونەوە و بەرنامەڕێژییەوە کار بۆ سەرخستن و بەدیهێنانی ئامانجەکانیان دەکەن. لە بنچینەدا، پارتەکە پاش یەکگرتنی چەند پارت و رێکخراوێکی سیاسیی ئیسلامیی لە چەندین وێستگەی هەڵبژاردندا بە دیدگەی نوێ و روانینی نوێوە بەشداریی لە هەڵبژاردنە پارلەمانییەکەی ساڵی 1997 کرد و توانی 14 کورسی پارلەمان بەدەست بهێنێت، کە زۆرینەیان لە پایتەختی ئابووریی بوون. هەروەها لە ساڵی 2002 بەشداریی هەڵبژاردنی پارلەمانیی کرد و توانی 42 کورسی بەدەست بهێنێت، پاش پەراوێزخستنی لە پرسوجۆ سیاسییەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی حکومەت، کە سێیەم لیستی براوە بوو لە پاش پارتی یەکێتیی سۆسیالیستیی هێزە جەماوەرییەکان و پارتی ئیستیقلال، بووە تاقە پارتی ئۆپۆزیسیۆن لە مەغریبدا (10).

پارتی داد و گەشەپێدان لە پاش کردەوە تیرۆریستییەکانی مەغریب لە ساڵی 2003 دووچاری ناهەموارییەکی گەورە بۆوە و پەنجەی تۆمەتیان بۆ رادەکێشرا، تەنانەت هەندێک لە هێزە سیاسییەکان داوای هەڵوەشاندنەوەی پارتەکەیان دەکرد، هەر ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی داد و گەشەپێدان پێداچوونەوە بۆ هەندێک لە ئایدیاکانی بکات و خۆی لەگەڵ

پێویستییەکانی دۆخی کاری سیاسیی لە مەغریبدا بگونجێنێت، بۆیەشە پلە بە پلە کاری بۆ بنیاتنانی هێز و هەرەکەتی سیاسیی خۆی کرد و لە تەواوی بازنەکانی هەڵبژاردندا کاندیدەکانی خۆی پێشکەشنەکرد، وەک خۆ بەدوور گرتنێک لە چارەنووسی بەرەی ئینقازی ئیسلامیی لە جەزائیر، ئیدی گرتنەبەری هەنگاوێکی لەمشێوەیە زەمینەی لەباری بۆ رێبەرایەتیی پارتەکە لە رووی کاری سیاسییەوە هێنایە پێشەوە، بەتایبەت لەسەر ئاستی پارلەمان، هەروەها پلە بە پلە بە ئاراستەی جیاکردنەوەی پارتەکە و باڵە بانگخوازییەکەی بزووتنەوەی تەوحید و ئیسلاح هەنگاویاننا. لە لایەکی ترەوە، لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشە عەرەبییەکان لە ساڵی 2011، داد و گەشەپێدان زۆر بە هەستیارییەوە لەبەرامبەر رووداوەکان هەڵوێستیان وەرگرت، لەگەڵ ئەوەی هەندێک لە پێکهاتەکانی پارتەکە چوونە ناو خۆپیشاندانەکانەوە و داوای ریفۆرمیان دەکرد، پارتەکە بڕیاریدا ئەندامەکانی سەرپشک بکات، هەر بۆیە بەشێک لە رێکخستنە گەنجەکانی سەر بە پارتەکە و بڕێک لە سەرکردە سیاسییەکانی رژانە سەرشەقام و کەوتنە دەربڕینی نارەزایەتیی لەپێناو چاکسازیی، بەڵام وەک هەڵوێستی فەرمیی داد و گەشەپێدان بڕیارییاندا بەشداریی نەکەن (11).

لە 29ی تشرینی دووەمی 2011 (عەبدولئیلا بنکیران) سکرتێری گشتیی پارتی داد و گەشەپێدان، کرایە سەرۆکی حکومەت، پێکهێنانی کابینەی حکومەت دەرەنجامی هاوپەیمانیی نێوان هەریەک لە (پارتی ئیستیقلال، جووڵانەوەی جەماوەریی – راستڕەوی موحازکار) لە پاڵ (پارتی پێشکەوتن و ئیشتراکیەت - شیوعی)، لەم کاتەوە ئەزموونی حکومەتڕانیی داد و گەشەپێدان گرنگییەکی تایبەتی وەرگرت، هۆکارەکەی ئەمەش ناگەڕێتەوە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیران یاخود وەزیرێک وەک لە ئەزموونە حکومەتڕانییەکانی تردا باوبوو، هەروەها ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەسێک، کە بە هۆی دەستوورەوە و لەناو پارتێکی سیاسییدا، کە لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، هەڵبژێردراوە، بەڵکو هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سەرۆکی حکومەت و سێیەکی ئەندامانی حکومەتەکەی ئینتیمایان بۆ پارتێک هەبوو، کە خاوەن مەرجەعیەتی ئیسلامیی بوو. هەروەها یەکێک لەو

خاڵە گرنگانەی، کە بەهۆی سەرهەڵدانی شۆڕشە عەرەبییەکانەوە تێبینی دەکرێت، هاتنەپێشەوەی ئیسلامییەکان و پەڕینەوەیان بوو لە ئۆپۆزیسیۆنەوە بۆ دەسەڵات. سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی حکومەتەکەی (بنکیران) لە قۆناغێکدا هاتە پێشێ، کە وەرچەرخانەکان جیهانی عەرەبییان گرتبۆوە و ڕەنگدانەوەشیان لەسەر مەغریب هەبوو، بە نموونە، (جووڵانەوەی 20ی فێبرایەر) دەیان خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیی ڕێکخست و داوای "ئازادیی، دادپەروەریی و کەرامەت"یان دەکرد، بەم هۆیەوە دەسەڵات کەوتە گۆڕینی دەستوور و ڕێکخستنی هەڵبژاردنی پێشوەخت، کە تێیدا پارتی داد و گەشەپێدان سەرکەوتنی بەدەستهێنا، زۆرینەی ئەوانەشی دەنگیان بە داد و گەشەپێدان دا سەر بە چینی ناوەند بوون، چونکە پێیانوابوو گۆڕانکاریی و ئۆقرەیی بەدوای خۆیدا دێنی و پێشتر لە مێژووی سیاسیی مەغریبدا پارتێکی تری ئیسلامیی هاوشێوەی داد و گەشەپێدان تاقی نەکرابۆوە و کاندیدەکانیشی کەسانێکی پاک بوون، هەروەها لەچاو پارت و ڕێکخستنە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی مەغریبدا ڕێکخراوتربوون و بە باشترین شێوە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنیان بە ڕێکردبوو (12).

پارتی داد و گەشەپێدانی مەغریبیی وەک پارتێکی سیاسیی زیندوو، کە سەرقاڵی خۆنوێکردنەوە و بەخۆداچوونەوەیە، بەهۆی ئەو ڕەخنانەی لەلایەن پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی تری مەغریبەوە ئاڕاستەی حکومەتەکەی (بنکیران) کرا، ڕێبەرایەتیی پارتی داد و گەشەپێدان بەو پێیەی پارتی فەرمانڕەوا بوو بەڵگەنامەیەکی هەڵسەنگاندنی لە ساڵی 2012 دەرکرد، تێیدا باس لەو دەسکەوتانەکراوە، کە حکومەتەکەی (بنکیران) بەدەستیهێناوە، هەروەها تێیدا هاتووە: "پێویستە دان بە ئیرادەماندا بنێین بۆ چاکسازیی بەشێوەیەکی گورجتر و قووڵتر.. پێویستە ئەو ڕووداوانەی دێنە پێشێ و بەسەرماندا دەسەپێندرێ زیاتر لە چاکسازییەکان نزیکمان بکاتەوە، هەروەها پێویستە سووربین لەسەر چاکسازیی و پلە بە پلە کار بۆ بەدیهێنانی بکەین". بەرنامەی حکومەتڕانیی پارتی داد و گەشەپێدان پێنج ئاڕاستەی سەرەکیی لەخۆدەگرێت، یەکەم، بنجداکوتینی شوناسی نەتەوەیی یەکگرتوو،

هەروەها پێکڕابەستنەوەی پێکهاتە و فرەییە نەتەوەییەکان و کرانەوە بە رووی شارستانیەت و فەرهەنگە جیاوازەکان. دووەم، چەسپاندنی دەوڵەتی یاسا و دەسەڵاتی رەشید. سێیەم، بەردەوامبوون لەسەر بنیاتنانی ئابوورییەکی نیشتیمانیی بەهێز. چوارەم، گەشەپێدان و کاراکردنی پلانە کۆمەڵایەتییەکان. پێنجەم، چەسپاندنی کارلێکی ئەرێنیی لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەیی و جیهانیی. هەروەها لە بەڵگەنامە حکومەتڕانییەکەی پارتی داد و گەشەپێداندا باس لە بەدیهاتنی تێکڕای گەشەپێدان بۆ 5,5% کراوە، رێژەی هەڵاوسانیش بۆ 2% وەستێنراوە، لەپاڵ دابەزینی رێژەی بێکاریی بۆ 8% و رێژەی نەخوێندەواریش بۆ 20% کەمبۆتەوە(13).

گەر سەرنج لە کاریگەریی مۆدێلی پارتی داد و گەشەپێدانی تورکیی بدەین، دەبینین بە قووڵی کاریگەریی لەسەر رێورەوتە ئیسلامییەکان لە جیهانی عەرەبیدا دروستکردووە، لانیکەم چاویان لەو مۆدێلە کردووە، کە لە تورکیادا بە ئێستاشەوە سەرکەوتنی بەدەستهێناوە و جڵەوی دەسەڵاتی سیاسیی لە دەستدایە، کە خاوەن مەرجەعیەتی ئیسلامییە. لەنێو پارتە سەرەکییە ئیسلامییە عەرەبییەکاندا رەنگە نەهزەی تونسیی و پارتی داد و گەشەپێدانی مەغریبیی فرە نزیکتر بن لە مۆدێلی پارتی داد و گەشەپێدانی تورکیی. هیچ یەکێک لەو دوو پارتە داوای دانانی شەریعەتی ئیسلامیی ناکەن لە دەستووری وڵاتاکانیاندا. هەر لە ساڵی (2007)ەوە بانگەوازی پارتی داد و گەشەپێدانی مەغریبیی لەپێناو پێڕەوکردنی شەریعەتی ئیسلامیی کەمبۆتەوە. لەبریی ئەوە پارتی ناوبراو جەخت لەسەر بەگژداچوونەوەی گەندەڵیی و گرفتە کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەکان و پاراستنی شوناسی ئیسلامیی مەغریب دەکاتەوە لەبەرامبەر گلۆبالیزەیشندا. لە تونس لە گوتارێکدا کە پێشتر رێبەری پارتی نەهزە راشید ئەلغەنوشیی پێشکەشیکرد تێیدا دووپاتی کردەوە کە هیچ دژیەکییەکی بنجداکوتا و لەنێوان ئیسلام و سێکیۆلاریزمدا نییە، ئەو بەرگریکرد لە جۆرێک لە جیاکردنەوەی کاروباری سیاسیی و ئایینیی، وتوویەتی: "لە ئێستادا ئەرکی ئایین نییە شێوازەکانی دەسەڵات و چۆنێتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەتمان فێربکات، عەقڵ راسپێردراوە

بگات بە حەقیقەت لە ڕێگەی کەڵەکەبوونی ئەزموونەکانەوە". لەگەڵ ئەمەشدا ئایین "سیستەمی بەها و پرەنسیپەکانمان پێدەبەخشێت کە دەگونجێت لەرووی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و سیستەمەکانی دەوڵەتەوە تەیارمان بکات کە هەوڵی بۆ دەدەین. هەرچەندە ئەو پارتانە ئێستا لە دەسەڵاتدان بەڵام ئەو تەحەدیییەی کە ئێستا ڕووبەڕووی پارتی داد و گەشەپێدانی مەغریبیی و نەهزەی تونسیی دەبێتەوە ئەوەیە چۆن ئەو فیکرانە تەرجەمە دەکات لە سیاسەتی ڕۆژنەدا. هەردوو پارتی داد و گەشەپێدانی مەغریبیی و نەهزەی تونسیی ئاماژەیانداوە بە مۆدێلی پارتی داد و گەشەپێدانی تورکیی لانیکەم لەبەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا. لە ساڵی 2006 وەختێک داوا لە سکرتێری گشتیی پارتی داد و گەشەپێدان (سەعدەدین ئەلعوسمانیی) کرا "پارتەکەی پێشکەش بە جەماوەری ئەمریکیی بکات، بەمشێوەیە وەڵامی داوەتەوە، کە پارتەکەی "هاوشێوەی ڕیتمی پارتی داد و گەشەپێدانی تورکییە (14).

## ئەنجامگیری

تەوژمی ئیسلامی بزاڤگەریی لە مەغریب، پاش دەرکەوتن و گەشەسەندنی بە پێی قۆناغبەندییە مێژووییەکان، توانیویەتی بەرنامە و نەخشەی سیاسیی، ئابووریی و کۆمەڵایەتیی بە پێی هاتنە پێشەوەی وەرچەرخانە سیاسییەکان پێشکەش بکات و دۆخی لەباری مێژوویی بقۆزێتەوە و هەنگاوەکانی بۆ گەیشتن بە لوتکەی دەسەڵاتی سیاسیی خێراتر بکات، وەک ئەوەی بەهۆی سەرهەڵدانی شۆڕشە عەرەبییەکانەوە روویاندا و دەرفەتێکی گەورە بۆ ئیسلامییەکان بە گشتیی هاتە پێشەوە، مەغریبیش یەکێک بوو لە وڵاتانەی کە ئیسلامییەکان توانییان بەهۆی رێکخراوبوون و لێوەشاوەیی سیاسییانەوە جڵەوی حکومەت بگرنە دەست و بە گرتنەبەری میکانیزمی جۆراوجۆر و لەبەرچاوگرتنی گەشەپێدان لە سەرجەم کایەکاندا هەنگاو بۆ جێ پێ قایمکردنی خۆیان خۆش بکەن. یەکێک لەو خاڵە گرنگانەی، کە پارتی داد و گەشەپێدانی خاوەن مەرجەعیەتی ئیسلامیی لە مەغریب پێی هەستاوە جیاکردنەوەی سیاسەت و بانگەوازە و لەمبارەیەوە سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، بەهەمان شێوەش نەهزەی تونسیی سیاسەت و بانگەوازی جیاکردۆتەوە، کە دوو مۆدێلی ئیسلامی بزاڤگەریی ناوازەن.

پارتی داد و گەشەپێدان، هەڵگری گوتارێکی پێشکەوتووخوازیی ئیسلامیی بزاڤگەرییە لەناو دونیای عەرەبییدا، شانبەشانی نەهزەی تونسیی بەردەوام کار بۆ پێشکەشکردنی تێزگەلێکی نوێ لە تەواوی بوارەکاندا دەکەن. هەروەها لە گوتاری ئایینیی پارتی داد و گەشەپێداندا کارکردن بۆ دروستکردنی دەوڵەتی ئایینیی و دەوڵەتی ئیسلامیی یاخود دەوڵەتی خەلافەت وەلانراوە، لەبری ئەمجۆرە ئاراستە ئایینییە باس لە پاراستن و بەهێزکردنی شوناسی ئیسلامییانەی دەوڵەتی مەغریب دەکات.

**سەرچاوە و پەڕاوێزەکان**

1. تحديات التجربة الاسلامية في المغرب "دراسة نقدية": الخلوقي محمد، مركز برق للابحاث والدراسات، 2017.

2. هەمان سەرچاوە.

3. التطورات السياسية في البلدان العربية منذ عام 2011: مجموعة مؤلفين، مطبعة شرق الكتاب، بيروت، 2016، ص163.

4. تحديات التجربة الاسلامية في المغرب "دراسة نقدية": سەرچاوەی پێشوو.

5. تأريخ حركة التبليغ والاصلاح، www.alislah.ma.

6. عبدالكريم مطيع، مؤسس حركة الشبيبة الاسلامية في المغرب، www.aljazeera.net .

7. موجز سيرة الامام المجدد عبدالسلام ياسين، http://yassine.org/ar/document/5.shtml .

8. هەمان سەرچاوە.

9. المغرب من الاصلاح الهرمي الي الانتقال الديمقراطي؟: مارينا اوتاواي و ميرديث رايلي، مؤسسة كارينغي للسلام الدولي، 2016، ص20.

10. حزب العدالة و التنمية في المغرب، https://marefa.org .

11. التطورات السياسية في البلدان العربية منذ عام 2011: سەرچاوەی پێشوو، ل 167-168.

12. التجربة الحكومية بقيادة حزب العدالة والتنمية في المغرب "السياق والمحصلة الاولية والمالات المحتملة": محمد باسك منار، مجلة سياسات عربية، العدد 2، مايو 2013، ص75-76.

13. هەمان سەرچاوە، لا76.

14. مێژووی گەشەسەندنی تەوژمی ئیسلامیی لە تورکیا (1946-2012): کۆمەڵێک نووسەر، وەرگێڕانی بەرزانی مەلا تەها، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، 2012، لا275-276.